قوباد تاڵەبانی ئامانجی سەردانەکەی بۆ دەڤەری ڕاپەرین و کۆبوونەوەکانی ئاشکرا دەکات



قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی حکومەتی کاربەڕێکەری هەرێمی کوردستان لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئێکس نوسیوویەتی، ”لە سەردانی دوو ڕۆژەم بۆ دەڤەری راپەڕینی خۆشەویست و لە کۆبوونەوەماندا لەگەڵ سەرپەرشتیار و بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئیدارەی راپەڕین، بڕیارماندا چەندین پڕۆژەی وەستاو و تەواونەکراوی خزمەتگوزاری بخەینەوەگەڕ و بودجەی پێویستمان بۆ دابین کردن“.

قوباد تاڵەبانی دەشڵێت: هەموو هەوڵێک دەدەین بۆ بەگەڕخستنەوەی تەواوی پڕۆژەکان و پێشکەشکردنی زۆرترین خزمەتگوزاری بۆ هاوڵاتیانی خۆشەویستی دەڤەری راپەڕین.